سيد قطب

# ژیان
# له
# سایەی قورئاندا

وەرگێڕانی

هادی علی

ژیان لە سایەی قورئاندا

بسم الله الرحمن الرحيم

سيد قطب

# ژیان
# له
# سایەی قورئاندا

وه رگێڕانی

هـــادی علی

× ناوی کتێب / ژیان لە سایەی قورئاندا .
× ناوی دانەر / سید قطب .
× ناوی وەرگێر / هادی علی .
× بلاوکەرەوە / کتێبخانەی ( رۆشنبیر ، سلێمانی .
× چاپ / دووەم .
× سالی لە چاپدان / ١٩٩٣ ز ، ١٤١٤ ، كۆچی

# ژیان لەسایەی قورئاندا

ژیان لەسایەی قورئاندا نیعمەتە ، نیعمەتێکە هەرکەسێ نەی چەشتبێ نازانێ چۆنە ! نیعمەتێکە تەمەن بەرز ئەکاتەوەو خاوێن‌و پر بەرەکەتی ئەکات .

سوپاس بۆ خوا کە ماوەیەکی لە ( ژیان لە سایەی قورئاندا ) پێ بەخشیم ، ئەوەندەم لەو نازو نیعمەتە چەشت کە هەرگیز لە ژیانمدا نەم دیبوو . لەو ماوەیەدا ئەو نیعمەتەم چەشت کە تەمەن بەرز ئەکاتەوەو خاوێن‌و پر بەرەکەتی ئەکات .

ژیام‌و گوێم لە پەروەردگار ئەگرت کە بەم قورئانە ئەی دواندم ، منی بەندەی بچوکی بێ نرخ .. ئای چ بەرزی‌یەکە قورئان ئەیدا بە ژیان ؟ ! ئای ح پلەیەکی بەرێزە پەروەردگار بە مرۆڤی ئەبەخشێ ؟ ! . لەسایەی قورئاندا ژیام‌و لەبەرزەوە ئەم روانی بۆ ئەم جاهیلیەتەی لە زەویدا شەپۆل ئەدات ، وە بۆ هەڵس‌و کەوتی منداڵانەی دانیشتوانی ئەم روانی بۆ خۆفش کردنەوەی خەڵکی ئەم جاهیلیەتە بەوەی کە هەیانە لە زانینی منداڵان‌و بیرو هۆشی منداڵان‌و کارو پیشەی منداڵان .. وەك چۆن پیاوێك ئەروانێ بۆ یاری منداڵان‌و هەڵس‌و کەوتی منداڵان‌و گرو گاڵی منداڵان .. وە سەر سام ئەبووم ..ئەم خەڵکە چی‌یان لێ قەوماوە چی‌یانە

وا لەزەلكاودا چەقیونو ئەم بانگە بلندە بەریزە نابیستن ؟ ! ئەو بانگەی کە تەمەن بەرز ئەکاتەوەو خاوێنو پر بەرەکەتی ئەکات .

## بوونەوەر لە ڕوانگەی قورئانەوە

لە سایەی قورئاندا ژیامو لەو روانگە تیروتەواوو مەزنو خاوێنە وورد ئەبوومەوە کە بۆ بوونو ئامانجی بوونو بوونی ئادەمی‌ی دیاری کردووە .

ئینجا روانگەو بۆ چوونە هەمە چەشنەکانی جاهلیەتم لەگەڵدا بەراورد ئەکرد کە مرۆڤایەتی لە رۆژهەڵاتو رۆژئاوادا تیایاندا ئەتلێتەوەو ئەم پرسی : چۆن مرۆڤ ئاوا لە زەلکاوی بۆگەندا وە لەتاریکستانی بێ هیوادا ئەژی ، وە لەهەمان کاتا بەهەشتی خاوێنو رازاوەی قورئان پشت گوێ دەخات ؟ !

لە سایەی قورئاندا ژیامو هەستم بە پیکەوە گونجانێکی رێکو جوان ئەکرد لە نیوان جوولەی ئادەمی بەو شیوەیەی کە خوا ئەیەوێ لەگەڵ جوولەی ئەم بوونەوەرەدا کە خوا خۆی بەدی هێنەریەتی . لەپاشا سەیرم ئەکرد سەرگەردانیم دەبینی کە دووچاری مرۆڤایەتی بووە بەهۆی لادانی لە ریبازی یاساکانی بوونەوەر ، هەروەها بەربەرەکانیشم ئەدی لە نیوان سروشتی خاوێنی مرۆڤو ئەو ریبازە لارو وێرانەی کە بەسەریا

سەپێنراوە.

ئینجا لەدڵی خۆمدا ئەم ووت: ئای ح شەیتانێکی نالەبارە کە ملی ڕێگا بە مرۆڤ ئەگرێ‌و بۆ ئەم دۆزەخەی ڕادەکێشێ؟! ئای .. داخ بۆ بەندەکان!!

لەسایەی قورئاندا ژیام‌و دیبیم ،، بوون ،، زۆر لە ڕواڵەتی بینراوی گەورەترە .. جیهانی دیارو نادیارە نەك جیهانی دیار بە تەنها .. وە دنیاو قیامەتە ،نەك ئەم دنیایە بە تەنیا .. ژیانی ئادەمی لەناو ئەم بوارە فراوانەدا درێژ بۆتەوە. مردن کۆتایی کاروانەکە نیە ،بەڵکو قۆناغێکە لە ڕێگادا ،وە ئەوەی کە ئادەمی لەم دنیایەدا دەستی دەکەوێت هەموو بەشەکەی نیە ،بەڵکو بەشێکی زۆر کەمیەتی ئەوەی لێرە لەدەستی دەرئەچێ لەوێ لەناو ناچێ. ستەم‌و ماف خواردن‌و تیاچوون نیە. جگە لەمەش ئەم قۆناغەی کە لەسەر ئەم زەویە دەیبڕێ: سەفەرێکە لە بوونەوەرێکی زیندووی ئاوەدان‌و جیهانێکی دۆست‌ودڵسۆزدا. بوونەوەرێکی خاوەن هەست‌و گیانەو ڕووی ئاراستەی پەروەردگار کردوە ،هەروەك مرۆڤی خاوەن ئیمان بەخشوعە‌وە ڕووی تێ دەکات:

**" ولله يسجد من في السموات والارض طوعا وكرها وظلالهم بالغدو والاصال" الرعد /١٥.** واتا: ئەوانەی لە ئاسمانەکان‌و زەویدان سوژدەی مل کەچی بۆ خوا دەبەن،

بەخواستی خۆیان‌و بە زۆر ، وە سێبەرەکانیشیان بەیانیان‌و ئێواران . **" تسبح لە السموات السبع والارض ومن فيهن، وان من شيء الا يسبح بحمده " الاسرار/٤٤** واتـــا : ئاسمانەکان هەر حەوتیان وە زەوی‌و ئەوانەی کـــە تیایانداو تەسبیحاتی خوا دەکەن ، وە هیچ شتێك نیـــە کە تەسبیحات‌و ستایشی خوا نەکات .

ئای ج خۆشی‌و ئارام‌و دڵنیاییەکە ئەم باوەڕو ڕوانینـە جوان‌و ڕێك‌و پێکە بە دڵانی دەبەخشێ ؟ !

لەسایەی قورئاندا ژیام ، دیم کە ئادەمی بەڕێزە زۆر زیاتر لەهەموو ڕێزێك کە مرۆڤایەتی لەکۆن‌و نوێـــدا زانیویەتی بە فوویەك لە ڕۆحی خوا بووە بە ئـادەمـی و لە گیانداران جیاکراوەتەوە **" فاذا سويته ونفخت فيه من روحي فقعوا له ساجدين " الحجر/٢٩** . واتا : خـوا ڕوو ئەکاتە فریشتەکان‌و ئەفەرموێ : کاتێك (ئادەم)م ڕێك‌وپێـك کردو لە ڕۆحی خۆمم فوو تێ کرد هەمووتان سوژدەی ڕێـز لێ گرتنی بۆ بەرن .

وە هەر بەهۆی ئەم فووەوەیە کراوە بەجێ نـشـیـن لەزەویدا : **" واذ قال ربك للملائكة اني جاعل في الارض خليفة " البقرة/٣٠** . واتا : پەروەردگارت ـ ئەی محمـــد ـ بە فریشتەکانی ووت : من لە زەویدا جێ نشین دائەنێم . وە هەموو زەوی‌و ئاسمانەکانی بۆ ڕام کراوە : **" الم تروا ان**

**الله سخر لكم ما في السموات وما في الارض "لقمان/٢٠**

واتا : ئایا نابینن کە خوا هەر چی لە ئاسمانەکان‌و زەویدایە بۆی ژێر بار کردوون · وە لەبەر ئەوەی مرۆڤ ئەوەنـدە پایە بەرزو خاوەن ڕێزە ، خوای گەورەو پەروەردگار بڕیاری داوە کە ئەو پەیوەندی‌یەی مرۆڤەکانی لەسەر کۆ دەبنەوە ، ئەبێ پەیوەندی باوەر بە خوا بێت ، نەك ئەو شتانەی کە گیانداران لەسەری خر دەبنەوە وەك لەوەڕو لەوەڕگاو ران‌و مۆڵگا ·

# کاروانی باوەڕ

ئیماندار بنج و بنەرەتێکی قووڵی هەیەو لەشێوەکانی زەماندا پەل و پۆی لێداوە، یەکێکە لەو کاروانە بەرێزەی کە پێغەمبەران پێشەوایەتی دەکەن: نوح و ئیبراهیم و اسماعیل و ئیسحاق و یەعقوب و یوسف و یونس و موسا و عیسا و محمد - درودی خوایان لێ بێ - **"ان هذه امتکم امة واحدة وانا ربکم فاعبدون"** الانبیاء/٩٢ واتا: پێغەمبەران و شوێن کەوتوانیان یەک ئوممەتن، وە خوا پەروەردگاریانە و هەر ئەبێ ئەو بپەرستن.

ئەم کاروانە بەرێزەی دوورو درێژەی کە لەدێر زەمانەوە بەردەوامە - وەک لەسایەی قورئاندا دەرئەکەوێ - بەرەنگاری هەمان هەڵوێست و هەمان گیروگرفت و هەمان تاقی کردنەوە بووە، بەدرێژایی مێژوو وە گۆڕانی شوێنەکان و جیاوازی نەتەوەکان بەرەنگاری گومرایی و کوێری و ستەم کاری و هەواو ئارەزوو بووە. هەروەها دووچاری چەوساندنەوەو ئازارو هەرەشەو دەربەدەری بووە، بەڵام لەسەر ڕێگەی خۆی بەردەوامەو هەنگاوی ئارام دەنێت و دڵنیایە کە خوا یارمەتی ئەدات و ئومێدی پێی هەیەو هەموو ساتێک چاوەڕوانی بەڵێنی خوایە: **"وقال الذین کفروا لرسلهم لنخرجنکم من ارضنا او لتعودن في ملتنا فاوحی الیهم**

ربهم لنهلكن الظالمين ، ولنسكننكم الارض من بعدهم، ذلك لمن خاف مقامي وخاف وعيد" ابراهيم/١٣-١٤.

واتا : کافرەکان بە پێغەمبەرەکانیان ئەوت : دەربەدەرتـــان ئەکەین یان ئەبێ بگەرێنەوە ناو کۆمەڵی خۆمان. خــوای گەورەو پەروەردگار هەواڵی پێ گەیاندن کە : ستەم کاران لە ناو ئەبەین و دوای ئەوان ئێوە لە زەویدا دائەمەزرێنین، ئەم بەڵێنەش بۆ ئەوانەیە کە لە گەورەیی خــــواو هەرەشەکانی ئەترسن.

# هۆکارەکان وەدەستی پەروەردگار

لەسایەی قورئاندا تێگەیشتم کە لەم بوونەوەرەدا جێگا بۆ ڕێکەوتی کوێر نیە : **" انا کل شيء خلقناه بقدر "** القمر / ٤٩ ۰ واتا : خوا هەموو شتێکی بە ئەندازەو پێوانە دروست کردووە ۰

وە هیچ شتێك بەبێ حیکمەت نیە ، بەڵام مەرج نیە کە حیکمەتی غەیبی نادیار بەروانینی نزیك بینی ئادەمی دەرکەوێ : **" وعسی ان تکرهوا شیئا وهو خیر لکم وعسی ان تحبوا شیئا وهو شر لکم ، واللە یعلم وانتم لاتعلمون "** البقرة/۲۱٦ ۰ واتا : ئەگونجێ شتێکتان پێ ناخۆش بێ ، بەڵام ئەوەتان بۆ چاکتر بێ ، وە ئەگونجێ شتێکتان پێ خۆش بێت ، بەڵام بۆتان خراپ بێ ، خوا ئەزانێ و ئێوە نازانن ۰

وە ئەو پێشەکی و هۆکارانەی کە مرۆڤ ئەیان زانێ ، ئەگونجێ ئەنجامەکانیان بە دوایاندا بێنە دی وە ئەشگونجێ نەیەنە دی چونکە هۆکان و پێشەکی یەکان شوێنکار و ئەنجامەکانیان پەیدا ناکەن ، بەڵکو ئیرادەی بێ پایانی پەروەردگار دیاری یان ئەکات ۰ **" لاتدری لعل اللە یحدث بعد ذلك امرا "** الطلاق/۱ ۰ واتا : تۆ نازانی ، ئەگونجێ خوا پاش ئەوە کارێك بێنێتە دی ۰

مرۆڤی خاوەن باوەر چاودێری هۆکان و پیشەکیەکان ئەکا ، چونکە خوا فەرمانی پێ ئەکات . بەلام لە هەمان کاتدا دلنیایە کە خوا خۆی شوێنکارو ئەنجامەکانیان دیاری ئەکات . دلنیا بوون لە دادو رەحمەت و دانایی و زانایی خوا تەنیا پەناگەیە بۆ رزگار بوون لە دلە تەپەو دلە راوکە .

هەروەها لەسایەی قورئاندا ژیام و بەدل و دەرونێکی هێمن و پر ئارامەوە دەستی پەروەردگارم لە هەموو کارو رووداوێکدا ئەبینی . لە ژێر چاودێری و رەحمەتی خوادا ئەژیام . هەستم بەکاریگەری سیفەتە مەزنەکانی خوا ئەکرد .. " **امن یجیب المضطر اذا دعاه ویکشف السوء**" النمل/٦٢ . واتا : کێ هەیە - جگە لە خوا - وەلامی لێ قەوماو بداتەوە ، کاتێک هاواری لێ ئەکات ، وە هەر خوایە تەنگانە لەسەر خەلک هەلگرێت ؟! .

" **والله غالب علی امره ولکن اکثر الناس لا یعلمون**" یوسف/٢١ . واتا : خوا بەسەر کاروباری خۆیدا زالە ، بەلام زۆربەی خەلکی نازانن .

" **ما من دابة الا هو اخذ بناصیتها**" هود/٥٦ . واتا : هیچ گیاندارێک نیە کە لە ژێر دەستی توانای خوادا نەبێت .

بوونەوەر نەدراوەتە دەستی یاسا میکانیکیە کەرو ،

مرۆڤی خاوەن باوەر چاودێری هۆکارو پیشەکیەکان ئەکا، چونکە خوا فەرمانی پێ ئەکات. بەلام لە هەمان کاتیدا دلنیایە کە خوا خۆی شوێنکارو ئەنجامەکانیان دیاری ئەکات. دلنیا بوون لە دادو رەحمەتو دانایىو زانایی خوا تەنیا پەناگەیە بۆ رزگار بوون لە دلە تەپەو دلە راوکە.

هەروەها لەسایەی قورئاندا ژیامو بەدلو دەرونێکی هێمنو پر ئارامەوە دەستی پەروەردگارم لە هەموو کارو رووداوێکدا ئەبینی. لە ژێر چاودێریو رەحمەتی خوادا ئەژیام. هەستم بە کاریگەری سیفەتە مەزنەکانی خوا ئەکرد.. "**امن يجيب المضطر اذا دعاه ويكشف السوء**" النمل/٦٢. واتا: کێ هەیە -جگە لە خوا- وەلامی لێ قەوماو بداتەوە، کاتێک هاواری لێ ئەکات، وە هەر خوایە تەنگانە لەسەر خەلک هەلگرێت؟!.

"**والله غالب على امره ولكن اكثر الناس لا يعلمون**" یوسف/٢١. واتا: خوا بەسەر کاروباری خۆیدا زالە؛ بەلام زۆربەی خەلکی نازانن.

"**ما من دابة الا هو اخذ بناصيتها**" هود/٥٦. واتا: هیچ گیاندارێک نیە کە لە ژێر دەستی توانای خوادا نەبێت.

بوونەوەر نەدراوەتە دەستی یاسا میکانیکیە کوێرو،

کوێرەکان. لەدوای یاساکانەوە ئیرادەیەکی بەرێوەبەرو موتڵەق هەیەو بەویستی خۆی ئەیەوێت و هەڵئەبژێرێت.

هەروەها تێگەیشتم کە دەستی پەروەردگار کار ئەکات، بەڵام بەرێگای تایبەتی خۆی، وە ئێمە بۆمان نیە کە پەلەی پێ بکەین یان رێگای بۆ دابنێین. بەرنامەی خوایی وەك - لە سایەی قورئاندا دەرئەکەوێ - وا دانراوە کە لە هەموو ژینگەیەکدا وە لە هەموو قۆناغێك لە قۆناغەکانی دروست بوونی ئادەمیدا کار بکات، بۆ ئەم مرۆڤە دانراوە کە لەم زەوی‌یەدا ئەژی، سروشت و توانا و لێ هاتنەکانی و هەموو ئەو بارانەی تووشی دێت لەهێزو لاوازی و گۆرانەکانی تر رەچاوی کردوون. بەرێزەوە ئەروانێ بۆ دەوری مرۆڤ و بە هیچ شێوەیەك لە نرخی کەم ناکاتەوە. هەروەها بە شێوەیەکی خەیاڵی سەیری ناکات و زیاتر لە توانا و لێ هاتن و ئەو فرمانانەی کە خوا بۆی دیاری کردووە بەرزی ناکاتەوە. وە ساویلکانەش تەماشای سروشت و سفەتەکانی ناکات بە شێوەیەك کە بە بریارێك دابمەزرێت یان بە نووکە قەڵەمێك بگۆرێت.

بەرنامەی خوایی سەرجەم دەروانێ بۆ مرۆڤ و گشت لایەنەکانی رەچاو دەکاو دەستی دەگرێ بۆ ئەوەی بو ئەوپەری پلەکانی کەماڵ بەرزی کاتەوەو رێزی خوّ دو سروشت و سیفەتەکانی ئەگرێت. بەرنامەی خوایی بو

کاتێکی درێژ خایەن داڕاوە. خوا خۆی دروست کـەری مرۆڤەو زانایە بە دروست کراوەکەی، وە هەر ئەویش ئەم قورئانەی بۆ ناردووە. بۆیە لە ڕێگای بە دەست هێنانی ئامانجەکانیدا پەلە پرووزی ناکات. کات لەبەر دەمیدا درێژو فراوانە. تەتەمەنی کەسێك دیاری ئەکات وە نـە ئارەزووی کەسێك کاری تێ ئەکات کە بترسێ مردن پێی بگات و بە ئامانجی خۆی نەگات، هەروەك لە خـاوەنـی بەرنامەکانی تری زەوی ڕوو ئەدات، ئەوانەی ئەیانـەوێ هەموو کارەکە لە ژیانی خۆیاندا تەواو بکەن و ئەنـجـام بەدەست بهێنن. بۆ ئەم مەبەستەش بەسەر سروشـت و فیترەی خاوێندا یان ئەدەن و هەموو ڕەوشت و ڕێزێك پـێ شێل ئەکەن. بۆیە ئەبینین لەڕێگای پەلەو هەڵەشەیاندا چەندەها قەسابخانە دائەنرێ و خوێن بەهەدەر دەڕژێ و کارو بار دەشێوێت لەئەنجامدا خۆیان و بەرنامە دەستکردە لارو وێرەکانیشیان لەژێر لێدانی بەکاری فیترەدا لەناو ئەچن.

بەڵام ئیسلام بەئارام و لەسەرخۆ لەگەڵ فیترەدا ئەڕوات، کاتێك لایدا ڕاستی ئەکاتەوە، بەبێ ئەوەی تێکی بشکێنێ، وەك زانایەکی دووربینی دڵنیا لە ئامانجی نـەخشـە کێشراوی خۆی دەجوڵێتەوە. ئەوەی ئەم جارە تەواو ناکرێت لەجاری دووەم و سێیەم و دەیەمدا تەواو دەبێ.. کـات بەربڵاوەو ئامانج ئاشکرایەو ڕێگای گەیشتن بەئامانجی

پیرۆزو مەزن هەمیشە دریژ خایەنە. وەك چۆن درەختێکی گەورە لەسەرخۆ گەشە ئەکات و رەگو ریش لەزەویدا بلاو ئەکاتەوەو قەدەکەی بلند ئەبێت و لق و پەلەکانی دریژ ئەبنەوەو بە ناو یەکا ئەچن، بە هەمان شێوەش داری ئیسلام لەسەرخۆ گەشە ئەکات و هەمیشە هەر ویستی خوا دیتە دی. ئەگونجێت لمو خۆل رووەکێك داپۆشێ یان کرمو مێروو هەندێکی لێ بخۆن یان تینوێتی سیسی بکات وە یان ئاوی زۆر نوقمی بکات، بەلام جوتیاری شارەزا دلنیایە کە ئەو رووەکە بەرگە ئەگرێ و گەشە ئەکات و بەسەر هەموو کۆسپێکدا زال ئەبێت. بۆیە پەلە پروزێ ناکات و دل گران نابێت و هەول نادات کە بەرێکایەکی تری ناسروشتی پێی بکەمێنێت. بەرنامەی خوایش لەهەموو بوونەوەردا هەر بەم شێوەیە ئیش ئەکات.. " ولن تجد لسنة الله تبديلا " الاحزاب/٦٢. واتا: هیچ گۆرانێك لەیاسای خوایی دا بەدی ناکرێت.

هەروەها تێگەیشتم کە راستی لە دروست کردنی ئەم بوونەوەرەدا بنەرەت و رێکەوت و رووداوی بێ مەبەست نیە. خوای پەروەردگار هەقەو هەموو دروست کراوێك بوونی خۆی لە خواوە وەرگرتووە.

خوا ئەم بوونەوەرەی لەسەر بنچینەی راستی دروست کردووەو کاری بەتال و بێ مەبەستی پێوە نەپێچراوە. خاوەن

باوەر بەجوانی هەستی پێ ئەکات و بەدڵنیایی دەڵێت : **" ربنا ماخلقت هذا باطلا سبحانك "** آل‌عمران/١٩١ . واتا : خوای پەروەردگارمان : بۆ ئەم بوونەوەرەت بەبێ مەبەست دروست نەکردووە ، پاک و خاوێنی هەر بۆ تۆیە . راستی کۆڵەکەی ئەم بوونەوەرەیە ، ئەگەر لێی بترازێت تێک ئەچێت و لەناو ئەچێت : **" ولو اتبع الحق اهواءهم لفسدت السموات والارض ومن فيهن "** المؤمنون/٧١ . واتا : ئەگەر راستی شوێنی ئارەزووەکانی خەڵکی بکەوتایە ئەوا ئاسمانەکان و زەوی و هەموو ئەوانەی کە تیایاندایە تێک ئەچوون .

بۆیە هەمیشە راستی هەر سەرکەوتووە و بەتاڵیش هەر ئەبێ لەناو بچێ ، رواڵەت هەر چۆنێک بێت ئەنجام هەروا دەبێت : **" بل نقذف بالحق على الباطل فيدمغه فاذا هو زاهق "** الانبياء/١٨ . واتا : خوای پەروەردگار ، بەهێز راستی بەسەر بەتاڵدا دەهاوێژێت و بەسەختی بریندراری ئەکات و ئەوەندە ناخایەنێ لەناو دەچێت .

خێر و چاکەش - هەر وەکو راستی - بنەرەتییە و بۆ هەمیشە لەزەویدا ئەمێنێتەوە . **" فاما الزبد فيذهب جفاء واما ما ينفع الناس فيمكث في الارض "** الرعد/١٧ . واتا : کەف و پیسایی سەر ئاو کەوتوو دەروات بەڵام ئەوەی کە سوود بەخشە بۆ خەڵک لەزەویدا دەمێنێتەوە .

" الم تر كيف ضرب الله مثلا كلمة طيبة كشجرة طيبة اصلها ثابت وفرعها في السماء تؤتي اكلها كل حين بأذن ربها ويضرب الله الامثال للناس لعلهم يتذكرون ومثل كلمة خبيثة كشجرة خبيثة اجتثت من فوق الارض مالها من قرار ويثبت الله الذين آمنوا بالقول الثابت في الحياة الدنيا وفي الاخرة ويضل الله الظالمين ويفعل الله ما يشاء " ابراهيم/٢٤-٢٧ . واتا: ئايا نابینی خوا چۆن نمونەی ووشەی چاك وەك درەختێكی چاك دێنێتەوە كە بنەرەتەكەی لەزەویدا دامەزرابێت و قەدو لقەكانی لە ئاسماندا بێت و هەموو كاتێك بە ئیزنی پەروەردگار بەر بدات. وە خوا ئەم نمونانە بۆ خەڵك دێنێتەوە بەڵكو بیر بكەنەوە. وە نموونەی ووشەی خراپ وەك دارێكی خراپ وایە كە لەسەر رووی زەوییەوە هەڵكەنرابێ و ئارامی نەبێت. خوا بە ووتەی دامەزراو لە ژیانی دنیا و قیامەتدا ئیمانداران دامەزراو دەكات، وە ستەمكاران گومرا دەكات. وەخوا هەرچ شتێكی بوێ دەیكات.

ئای ئەمە چ دڵنیاییەكە ئەم باوەڕە لە دەروونداا دروستی دەكات؟! وە چ ئارامیێكە بەسەر دڵاندا دەیرێژێت؟! وە چ هێزو سەر بڵندیەكە بە ئادەمی دەبەخشێت و بەسەر واقیعی بێ نرخدا زاڵی دەكات؟!.

# ڕیگای ڕزگاری

لەسایەی قورئاندا ژیامو گەیشتمە ئەنجامێکی دڵنیاو ڕاست کە: چاك بوون بۆ زەوی‌و حەوانەوە بۆمرۆڤایەتی و هێمنی‌و دڵ ئارامی بۆ مرۆڤ‌و سەربەرزی‌و خاوێنی‌و بەرەکەت دەست ناکەوێت، وە پێکەوە گونجان لەنێوان یاساکانی گەردوون‌و ڕێبازی ژیاندا دروست نابێ جگە لەگەرانەوە بۆ لای خوای پەروەردگار.. وە گەرانەوەش بۆ لای خوا - وەك لەسایەی قورئاندا دەرئەکەوێ - تەنها یەك شێوەو یەك ڕێگای هەیە، ئەوەش بریتیە لە گێرانەوەی ژیان بەگشتی بۆ سەر بەرنامەی خوایی کە لە قورئانی پیرۆزدا نەخشەی بۆ کێشراوە. واتە: فەرمانرەوایی قورئان لە ژیاندا وە لەهەموو کارو بارێکدا، ئەگینا گومرایی‌و سەرگەردانیە وە جاهلیەت‌و ئارەزوو پەرستی لە جیاتی خوا پەرستی: " **فان لم يستجيبوا لك فاعلم انما يتبعون اهواءهم. ومن اضل ممن اتبع هواه بغير هدى من الله، ان الله لايهدى القوم الظالمين** " القصص/٥٠. واتا: ئەگەر وەلامیان نەدایتەوە - ئەی محمد - ئەوە بزانە شوێن ئارەزوویان کەوتوون. وە کێیە گومراتر بێ لەو کەسەی کە شوێن ئارەزووی خۆی دەکەوێ بەبێ ڕێنمایی - یەك لە لایەن خواوە؟ بەراستی خوا ڕێنمایی کۆمەڵی ستەمکارەکان

ناکات ٠مل کەچ کردن بۆ بەرنامەی خوایی بەئیختیار و ئارەزوو نیە ،بەڵکو بریتیە لە : باوەر هێنان یان بێ باوەری : " **وما کان لمؤمن ولامؤمنة اذا قضی الله ورسوله امرا ان یکون لهم الخیرة من امرهم** " الاحزاب / ٣٦٠

واتا : کاتێك خواو پێغەمبەر فەرمانێك بریار ئەدەن ،بۆ هیچ ئیمانداریێك نیە چ پیاو بێت چ ئافرەت کەئارەزووی خۆیانی تێدا بەکار بهێنن ٠

مەسەلەکە زۆر گرنگە چونکە مەسەلەی باوەرو عەقیدەیە هەر لە بناغەدا ٠٠ ئینجا مەسەلەی کامەرانی مرۆڤایەتی بە یان سەر گەردانیەتی ٠

ئەم مرۆڤایەتیە کە ـ دەست کردی خوایە ـ گرێکانی سروشتی بەکلیلی دەستکردی خوا نەبێت ناکرێتەوە ،وە بەدەرمانی دەستکردی خوا نەبێت نەخۆشی یەکانی چارە سەر ناکرێت ٠٠ وە تەنها لە بەرنامەکەی خوا دا کلیلی هەموو گرێ کوێرەیەك وە چارەی هەموو دەردێك دیاری کراوە : " **وننزل من القرآن ما هو شفاء و رحمة للمؤمنین** " الاسراء /٨٢ ٠ واتا : ئەو قورئانەی دەینێرین بە خوارەوە مایەی چاك بوونەوەو رەحمەتە بۆ ئیمانداران ٠

" **ان هذا القرآن یهدی للتي هي اقوم** " الاسراء /٩ ٠

واتا : بەراستی ئەم قورئانە رێنمایی بۆ راست ترین رێگا ئەکات لە هەموو شتێکدا ٠

بەڵام بەداخەوە مرۆڤایەتی نایەوێ ئامێر بۆ لای وەستاکەی بەرێتەوە ، وە نایەوێ نەخۆشەکە بۆ لای پزیشکەکـــەی بەرێتەوە. لەمەسەلەی دڵو دەروونو کامەرانیو ســەر گەردانیدا بەو شێوەیە ناکات کە لەسەری راهاتـــووە دەربارەی ئەو ئامێرو دەزگایانەی کە لەژیانی رۆژانەیـدا بەکاریان دێنێ . کاتێك ئامێرێك پەکی ئەکەوێ ئەیبـات بۆ لای وەستاو ئەندازیاری ئەو کارگەیەی ئامێرەکـــەی دروست کردووە . بەڵام ئەو رێبازە بەسەر خۆیدا بەجــێ ناهێنێو بیگێرێتەوە بۆ ئەو سەرچاوەیەی لێیەوە دەرچووە ، بۆ لای خوای پەروەردگار کە ئەم دەزگا ئاڵۆزە سەر سور هێنەرە مەزنەی دروستی کردووە ، کە جگە لە خوا کــەس ناتوانێت بەرنامەی ژیانی بۆ دابنێت : " **انه عليم بذات الصدور ، الا يعلم من خلق وهو اللطيف الخبير** " الملك ١٣-١٤ . واتا : بێگومان خوا زانایە بەوەی کە لەدڵەکانداـ یە ئایا خوا کە ئادەمی دروست کردووە نازانێ چیــی دروست کردووە - واتە بەڵێ ئەزانێ - چونکە خوا وورد بینو خەبەرداری بێ پایانە .

ئالەم دەرگایەوە گومرایی رووی کردۆتە مرۆڤایەتـــی هەژاری سەر گەردان ، کە هەرگیز رێنمایی‌و حەزانـــەوەو کامەرانی دەست ناکەوێت ، کاتێك نەبێ کە سروشـــتو فیترەتی بیگێرێتەوە بۆ لای پەروەردگاری مەزن وەك چۆن

ئامێرێکی سادە ئەباتەوە بـــۆ لای وەســـتا بچووکەکەی !

# ناهەموارترین كارەسات

لابردنی ئیسلام لەسەركردایەتی كردنی مرۆڤایەتی، ناهەموارترین كارەساتە لە مێژووی دوورو درێژیدا ، كارەساتێكی پشت شكێنی ئەوتۆیە كە هەرگیز لە كۆن و نوێدا تووشی مرۆڤایەتی نەبووە.

كاتێك ئیسلام سەركردایەتی لەزەویدا گرتە دەست كاروباری زەوی بە تەواوەتی تێك چوو بوو ، ژیان بۆگەنی كردبوو ،سەركردایەتیەكان بەگشتی رەزاڵ بوو بوون مرۆڤایەتیان گیرۆدەی چەندەها كوێرەوەری و گیرو گرفت كرد بوو " ظهر الفساد في البر والبحر بما كسبت ايدي الناس" الروم/٤١ . واتا : ئاژاوەو خراپكاری لە زەمین و دەریادا بڵاو بووبەوە بە دەستی خەڵكی خۆیان.

ئیسلام ئا بەم قورئانە سەركردایەتی گرتە دەست، وە بەم باوەرە نوێیەی كە ئەم قورئانە هێنای، وە بەو بەرنامەو شەریعەتەكە لەسەر بنچینەی ئەو باوەرە خاوێن و تێرو تەواوە دامەزراوە كاروباری ژیانی رێك خست. بۆیە هاتنی ئیسلام لەدایك بوونێكی نوێ بوو بۆ مرۆڤ ،كە لەراستیدا زۆر گەورەتر بوو لە دروست بوونی یەكەم جاری قورئان روانگەو باوەرێكی نوێی بۆ مرۆڤ هێنا دەربارەی گەردوون و ژیان و رەوشت ، هەروەها واقعێكی كۆمەلایەتی

بێ وێنەی بۆ هێنایە دی ،کە هەرگیز لەمێژووی دوورو درێژیدا بەخۆیەوە نەی دیوە ، وە تەنانەت بە خەباڵیش بە بیریدا نەئەهات ، ئەگەر قورئان بۆی پێك نەهێنایە .

بەڵێ ، ئەو واقیعەی قورئان دروستی کرد لە بەرزترین پلە دابوو لە خاوێنیو جوانیدا ، وە لەمەزنیو شاسانیدا ، وە لە واقعیێتیو ئیجابیێتیدا وە لەهاوسەنگیو رێکخستندا، بە رادەیەك کە مرۆڤایەتی هەرگیز چاوەروانی نەئەکرد، ئەگەرخوای میهرەبان لە سایەی ئەم قورئانەدا بۆی نەهێنا یەتە دی .

بەڵام بەداخەوە ئەو کارەساتە ناهەموارە دڵ تەزێنە رووی داو سەرکردایەتی زەوی لە دەستی ئیسلام دەرهێنراو جارێکی تر جاهلیەت لە شێوەیەك لە شێوە فرە چەشنەکانیدا گرتیەوە دەست . لەشێوەی بیر کردنەوەی مادده پەرستیدا کە لەم سەدەبەدا مرۆڤایەتی شانازی پێوە ئەکات وەك چۆن منالان بە بەرگی رازاوەو یاری رەنگاو رەنگەوە شانازی دەکەن .

# یاساکەردوونیەکان وبەرنامەی خوایی

کۆمەڵێکی گومراکەری فێڵباز هەن کە دوژمنی مرۆڤایە - تین .بەرنامەی خوایی ئەخەنە تایەکو بەرهەمی زانین و داهێنانی مرۆڤیش دەخەنە تایەکی تر ، ئینجا پێی دەڵێن : هەڵبژێرە ، یان ئەبێ بەرنامەی خوایی هەڵبژێریت و واز لە هەموو زانین و داهێنانێکی مرۆڤ بهێنیت لە جیهانی، مادەدا ، وە یان بەرهەمی زانین و داهێنانی هەڵبژێریت و دەست لە بەرنامەی خوایی لە ژیاندا هەڵبگریت ؟ ! !

بێگومان دانانی مەسەلەکە هەرگیز بەم شێوەیە نابێ و ئەمە فێڵ و جادوویەکی مەبەست گڵاو ونیاز خراپە . چونکە بەرنامەی خوایی هەرگیز دژی بەرهەمی زانین و داهێنانی مرۆڤ نیە ، بەڵکو هاندەرو رێکخەرێتی بۆ ئەوەی مرۆڤ بتوانێ بەکارو فرمانی جێنشینی خۆی لەزەویدا هەڵسێت بەو شێوەیەی کەخوا خۆی بۆی دیاری کردووە . وە خوای پەروەردگار ئەوەندە تواناو لێ هاتنی بەمرۆڤ بەخشیوە ، وە ئەوەندەی لەیاساکانی گەردوون بۆ ژێر بار کردووە کە بتوانێ بەچاکی ئەرکی سەر شانی خۆی بەجێ بهێنێت .

هەروەها پێکهاتنی مرۆڤ و گەردوونی بەشێوەیەك پێکەوە گونجاندوە کە مرۆڤ بتوانێ ببێ بەخاوەنی ژیان و زانین و داهێنان ، بەمەرجێك زانین و داهێنانی ببێتە

عیبادەت کردن بۆ خواو هۆیەك لەهۆیەکانی سوپاس‌و ستایشی مرۆڤ بۆ پەروەردگار بەرامبەر نازو نیعمەتەکانی.

بەڵام ئەو کەسانەی بەرنامەی خوایی دەخەنە تایەك‌و بەرهەمی زانین‌و داهێنانی مرۆڤیش لەجیهانی مادەدا دەخەنە تا ـَی تر، بێ‌گومان ئەوانە دوژمن‌و نیاز خراپن. هەر کاتێك مرۆڤایەتی بەدەستی بەرنامە دانراوەکانی جاهیلیەتەوە ماندوو ئەبێت‌و ئەیەوێت پشوویەك بداتە سەر لەنوێ راوی دەنێنەوە، نەوەك هۆش بکاتەوە و وەڵامی بانگەوازی ئیسلام بداتەوەو ساتێك لەسایەی میهرەبانی پەروەردگاردا بحەسێتەوە.

کەسانێکی تر هەن دوژمن‌و نیاز خراپ نین، بەڵام تێگەیشتنێکی قوڵ‌و فراوانیان نیە. بۆیە ئەو دۆزینەوەو پێشکەوتنانەی مرۆڤ لەجیهانی مادەدا بەدەستی هێناوە سەر سامی کردوون، وا بیر دەکەنەوە کە یاسا سروشتیە-کان‌و بەرنامەی خوایی لەگەردووندا وە لە واقیعی ژیاندا لەیەکتر جیان، وە وا هەست ئەکەن کە یاسا سروشتیەکان بوارێکیان هەیەو بەرنامەی خوایش بوارێکی تر، وە بەلایا-نەوە وایە کە بەبێ رەوشتە ئیمانیەکان، یاسا سروشتیەکان ئیشی خۆیان ئەکەن‌و ئەنجامەکانیان دێنە دی، ئیتر مرۆڤەکان خاوەن باوەر بن یان بێ باوەر، شوێن بەرنامەی خوا بکەون یان پشتی لێ هەڵکەن، بە پێی شەریعەتی

خوا بجوولێنەوە یان بە ئارەزووی خۆیان !.

بێگومان ئەمە بە هەڵەدا چوونێکی ئاشکرایە.. چونکە هەر یەکە رەوشتە ئیمانیەکان‌و یاسا کەردوونیەکانیش بەشێکن لە بەرنامەی خوایی لە بوونەوەردا وە ئەنجامەکانیان پێکەوە پەیوەستن‌و بەیەکا چوون. لە هەستی خاوەن باوەردا لەیەکتر جیا ناکرێنەوەو هۆیەکیش نیە بۆ ئەوەی لەیەکتر جیایان بکاتەوە. ئەمە ئەو باوەرو روانگە راست‌و جوانەیە کە قورئان لەدڵ‌و دەروونیدا دروستی ئەکات، کاتێک لە سایەی قورئاندا بژی. ئەوەتا قورئان دەربارەی پێشینەکان‌و لادانیان لەبەرنامەی خوایی ئەدوێ‌و سەرئەنجامی لادانەکەیان روون ئەکاتەوەو ئەفەرموێت : " **ولو ان اهل القرى آمنوا واتقوا لكفرنا عنهم سيئاتهم ولادخلناهم جنات النعيم ولو انهم اقاموا التوراة والانجيل وما انزل اليهم من ربهم لاكلوا من فوقهم ومن تحت ارجلهم** ..." المائدة ٦٥-٦٦.

واتا : ئەگەر دانیشتوانی شارەکان باوەریان بهێنایەو لەخوا بترسانایە، ئەوا چاو پۆشیمان لە تاوانەکانیان ئەکردو ئەمان خستنە بەهەشتە پر نازو نیعمەتەکانەوە. وە ئەگەر ئەوانە تەورات‌و ئینجیل‌و ئەوەی لە لایەن خواوە بۆیان نێرراوەتە خوارەوە بیان کردنایە بە بەرنامەی ژیانی خۆیان، ئەوا لە سەرو خواری خۆیانەوە خێرو بەرەکەت بە سەریاندا ئەرژاو لەنازو نیعمەتدا ئەژیان.

وەدەربارەی نووحو بەڵێنی نووح ـ سەلامی خوای لێ بێ ـ بۆ قەومەکەی ئەفەرموێ : **" فقلت استغفروا ربکم انه کان غفارا ، یرسل السماء علیکم مدرارا ، ویمددکم باموال وبنین ویجعل لکم جنات ویجعل لکم انهارا ... "** نوح / ١٠-١٢ .

واتا : خوا بەناوی نووحەوە بۆمانی ئەگێڕێتەوەو ئەفەرموێت " پێم ووتن : داوای لێ بووردن لە پەروەردگارتان بکەن ، بەراستی خوا زۆر لێ بووردەیە ( ئەگەر وا بکەن ) ئەوا بارانی پر بەرەکەتو زۆرتان بەسەردا ئەرژێنێو دارایی و منالی زۆرتان پێ ئەبەخشێ وەباخاتی جوانو رووباری زۆرتان ئەداتێ .

هەروەها کاتێك باسی واقعی دەروونیو رەوشتی مرۆڤەکان و پەیوەندی لەگەڵ ژیانی کۆمەڵایەتیاندا ئەکات ئەفەرموێت : **" ان الله لا یغیر ما بقوم حتی یغیروا ما بانفسهم "** الرعد / ١١ .

واتا : بەراستی خوا باری ژیانی هیچ گەلێك ناگۆڕێت تا خۆیان رەوشتو ناتەواویی خۆیان چاك نەکەن .

باوەر هێنان بەخواو پەرستنی بەرێکیو فەرمانرەوایی شەریعەتەکەی لەزەویدا بریتیە لە بەجێ هێنانی بەشێك لە یاساکانی خوایی . ئەمانەش یاسای کاریگەرنو هەر لە هەمان سەرچاوەوە دەرچوون کە یاسا گەردوونیەکانیان لێ دەرچووەو شوێنکارەکانیان بەهەستو نافیکردنەوە دەبینین .

هەندێ جار رواڵەتی روو کەشی وا دەگەیەنێت کە یاسا گەردوونیەکان و بەرنامەی خوایی بێ پەیوەندین ، کاتێک ئەبینین کە بەجێ هێنانی یاسا سروشتیەکان سەرکەوتن بەرهەم دەهێنن با بەرنامەی خواییش سەر پێچی لێ کرا بێ . ئەنجامی ئەم سەر پێچی کردنە لەوانەیە لە لەسەرەتای رێگەدا دەرنەکەوێت ، بەڵام لە کۆتاییدا هەر دەرئەکەوێت .

کۆمەڵگەی ئیسلامی ئەم ئەنجامەی بەخۆیەوە دی ، چونکە لەخاڵی بە یەک گەیشتنی یاسا سروشتیەکان و رەوشتی ئیمانیەکانەوە هێڵی بەرز بوونەوەی ژیان دەستی پێ کرد بەڵام هێڵی نزم بوونەوەی لە خاڵی جیابوونەوەیانەوە دەستی پێ کرد . ئەم نزم بوونەوەو دابەزینە هەر بەردەوام بوو تا گۆشەی جیا بوونەوە گەورەتر بوایە ، تا لە کۆتاییدا گەیشتە نزمترین پلە کاتێک یاسا سروشتیەکان و بەرنامەی خوایی هەموو پێکەوە پشت گوێ خران .

لە لایەکی ترەوە ئەمڕۆ شارستانێتی ماددی وەک باڵندە-یەکی گەورە راوەستاوەو بە یەک باڵ باڵە فرکێ دەکات بەڵام باڵەکەی تری شۆر بووەتەوە ، بۆیە دەبینین لە لایەکەوە لە داهێنان و پێشکەوتنی ماددیدا بەرز دەبێتەوە ، لەلایەکی تریشەوە لەمانای ئینسانی و رەوشتی خاوێندا ..رەو خوار ئەبێتەوەو تووشی چەندەها نەخۆشی عەقلی و

دەروونیو ڕەوشتی بووە ،بەڕادەیەك پیاوە ڕۆشنبیرو هۆشیارەکانیان هاواریان لێ بەرز بووەتەوە ،بەبێ ئەوەی بەرنامەی خوایی بدۆزنەوە کە تاقە ڕێگای چارە سەر کردنو ڕزگارییە .

شەریعەتی ئیسلام بەشێکە لەیاسا گشتیەکەی خوا لەگەردووندا . بەبێ هێنانی ئەم شەریعەتە لە ژیاندا شوێنکاری کاریگەری لەرێکخستنی جوولەی مرۆڤوجوولەی گەردووندا هەیە . شەریعەتیش بەرهەمی ئیمانەو ئیمان بنچینەیەتیو بەبێ ئیمان دانامەزرێتو لەکۆمەڵگەی موسڵماندا بەجێ دەهێنرێت . ئیمان ڕوانگەیەکی تەواوو تێرە بۆ بوونەوەر بەگشتی ، وە مرۆڤی خواناس دروست ئەکات لەگەڵ باریزکاری لەدڵو دەروونندا وە خاوێنی لەهەستو نەستا وە جوانی لە ڕەوشتا .

ئا بەم شێوەیە تەواو خوازیو پێکەوە گونجانێکی ڕێكو جوان لەنێوان یاسا سروشتیەکانو بەرنامەی خواییدا هەیە . هەموشیان بەشەکانی یاسا گشتیەکەی پەروەردگارن لە جیهانی گەورەدا . مرۆڤیش هێزێکە لەهێزەکانی بوونەوەر ، ویستو کردەوەکانی ، وە باوەڕو ڕەوشتەکانی ، هەروەها پەرستشو جوڵانەوەکانی ، ئەمانە هەموو کاریگەرییان لەم بوونەوەرەدا هەیەو بەستراون بەیاسا گشتیەکەی خواوە کە بۆ بوونەوەری داناوە . ئەم هێزانە کاتێك ڕێك دەخرێنو

کۆ دەبن ،ئەوا بەچاکی ئیش دەکەن و بەرهەمی تەواو دەبەخشن ،بەلام کاتێك لەیەك جیا دەکرێنەوەو پەرتەوازە دەبن ،ئەوا شوێنکارو کاریگەریەکانیشیان تێك دەچێت و ژیان دەشێوێ و سەر گەردانی و خراپەکاری بلاو دەبێتەوە:

**" ذلك بأن الله لم يك مغيرا نعمة انعمها على قوم حتى يغيروا ما بأنفسهم"** الانفال/٥٣.

وآخر دعوانا ان الحمدلله رب العالمين